# تۆپارانکردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئسلامی ئێرانەوە ئیدانە ومەحکوم دەکەین.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هێرشە ناڕەوایەی ڕژێمی ئێران ئیدانە و مەحکوم دەکەین،داواش دەکەین لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان چیتر لەم دەستدرێژیانە بێدەنگنەبن و ئەم کارە ناڕەوایە قبوڵ نەکەن. هەربێدەنگیەک لەئاستی ئەم هێرشە ناڕەوایەکار وئەدای پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

[درەژەی بابەت]()

ڕژێمی ئسلامی ئێران ماوەیەکە کەوتۆتە هێرش و تۆپارانکردنی گوند و ناوچەکانی کوردستانی باشور، کە بە هۆیەوە سەدان خێزان ئاوارەو ماڵ وێرانابوون، ئەم هێرشە جگەلەوەی کە لە رووی دەرونیەوەو ترس و تۆقاندنێکی زۆری چاندوە لە ناو خەڵکێکی سڤیلدا، لەهەمانکاتدا زیانی ماڵی و گیانیشی لێکەوتۆتەوە. چەندین گوند چۆڵ کراوان و بەرەو قوڵایی ناوچەکانی کوردستان دەربەدەر بوون و وازیان لەژیانی ئاسایی خۆیان هێناوە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و منداڵەکانیان بەلای کەمەوە، کەهەموو ماڵ وسامان وباخ و باخات و کێڵگەیان لەبەردەم هێرشی پاسداران و ئەرتەشی ڕژێمی ئێراندا بەجێ هێشتوە.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هێرشە ناڕەوایەی ڕژێمی ئێران ئیدانە و مەحکوم دەکەین،داواش دەکەین لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان چیتر لەم دەستدرێژیانە بێدەنگ و ئەم کارە ناڕەوایە قبوڵ نەکەن. هەربێدەنگیەک لەئاستی ئەم هێرشە ناڕەوایەکار وئەدای پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دەبێت کوردستان و خەڵکی دانیشوانی دەربەدەری ئەوگوندە سەرسنوریانە کێ بێت خاوەنیان جگە لەحکومەتوپەرلەمانی کوردستان وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە لەم کاتە هەستیارەدا لەسەردانی دەرەوەی وڵاتدایە، هەرچەندە ئەم سەردانەی سەرکۆکی هەرێم هیچ بیانویەک نادا بەدەستەوە بۆ بێدەنگی لە ئاستی ئەم تاوانەی دەر هەق بە گەلی کورد دەکرێت.

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان قسەکردن لەسەرئازادیەکان وفەراهەمکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وگەندەڵی ئیداری وحیزبی کوردستاندا بەموزایەدەی سیاسی بزانێت، ئەی هەڵوێستی بەرانبەر هاواری خەڵکێکی لێقەوماو وپشتوایانیەکانیان لەلایەن ڕێکخروە مەدەنیەکان و ڕۆژنامە نوسان و ڕۆشنبیرانەوە چی دە بێت..؟ بەپێچەوانەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێتی لەم دەستدرێژیانە بیچدەنگ نەبێت .. ؟!!

ئێمە پێمان وایە بەرپرسیارێتی جددی و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ئەو تۆپارانکردنە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانەو ئەو لێی بەرپرسیارە، بۆیە داواکارین کە لەکۆبوونەوەیەکی نا ئاسایدا ڕێگەی یاسای و دبلۆماسی بگرێتە بەرو ناوەندەکانی جیهانو نێودەوڵەتی لێ ئاگاداربکاتەوە لەپێناوی راوەستاندنی ئەو تۆپبارانەو، سەلامەتی گیانی خەڵکی گوندنشینەکانی سەرسنوری کوردستان بەهەندبگرێو لە بەردەم ئەوهێرشە نارەوایانەی ڕژێمی ئێراندا چیدی بەبێدەنگی نەمێنێتەوە.


**ناوندی هەڵەبجە**

دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک.

www.chak.info   chak.org@gmail.com